# بەڵێ بۆ شەڕ، بەڵام بە شەرت!

نووسینی بەکر ئەحمەد

لەگەڵ دەستپێکردنی ئەزمەی عێراقدا، باس و جەدەلی شەڕ و سیستەمی نوێی جیهانی سەرتاپای ڕۆژنامەکانی دنیای داگیرکرد. ئەم جەدەلە تەنها ئاخاوتنی بەرپرسیارانی سیاسی و ئەحزابەکانیان نەبووە لە پلەی یەکەمدا، بەڵکو تەواوی ڕووناکبیرانی جیهان، هەریەکە و بە پێی دیدوبۆچوونی خۆی ئەم پرسیارایان کردە تەوەری نووسینەکانیان. بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشەر بوو لەم ناوەدا، بێدەنگی ڕووناکبیری کورد بووە. تاك و تەرا نەبێ، لەم سایت و لەو گۆڤارەدا، قەڵەمە ناسراوەکانی ڕوشنبیری کوردی، بۆ مێژوویش بێت، دێڕێکیان تۆمار نەکرد. کەچی لە پەیوەند بە ئەفغانستان و جەنگی باڵکاندا، شایەدی دەیەها باسی جۆراوجۆرین. گرنگ ئەوە نییە کە هەڵوێستەکان بە دژی شەڕن یاخود لەگەڵ شەڕدان، گرنگ ئەوەیە کە کەسانێك هەن و وتەکانی خۆیان لە پەیوەند بە چارەنووسی کۆمەڵگایەکدا تۆماردەکەن.

هۆکاری سەرەکی ئەم بێدەنگییەش ئاشکرایە. ڕووناکبیری کورد لە پشت تێزی ڕزگاری نەتەوەکانەوە لە دەست دیکتاتۆری دەوەستێت کە دەستگای ئیداری بۆش بانگەوازی بۆدەکات. سەرنجڕاکێشەریش ئەوەیە کە هیچ شەڕێك بەقەدەر ئەم شەڕەی ئێستا کە لەبەردەرگاکا نماندایە، موتیڤەکانی ئاشکرانەبوون، بە تایبەتیش بۆ ئەو ڕووناکبیرەی کە زۆر ئاسان دەستی بە تازەترین لێکۆڵینەوەکانی سەردەمدا دەگات.

ئەحزابی کوردی بەوەی کە دەسەڵاتی سیاسییان لە پلەی یەکەمدا بە بوونی ناوچەی ئارامەوە دەستدەکەوێت، نەك وەك ئیعتیرافێکی نێونەتەوەیی بە کێشەی ستەمی میللی خەڵکی کوردستان، بەڵکو وەك بەرپرسیارانێکی ئیداری ئەو ناوچەیەی کە لە بناغەدا وەك هۆکارێکی فشاری ئەمریکیە بۆسەر بەغدا و لەگەڵ لەدەستدانی زەمینەکانی مانەوەی ئەم ناوچەیەدا دەسەڵاتی ئەوانیش کۆتایی پێدێت، هەڵوێستی خۆیان بەبێ هیچ دوودڵییەك ڕادەگەیێنن. پەیوەستبوونی ئەوان بە سیاسەتی شەڕخوازانەی ئەمریکاوە، نە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی پێویستە و نە لە خەڵکی کوردستان پرسین. بەڵکو ڕێك و ڕەوان پەیوەستبوونە بەو سیاسەتانەوەی کە بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسی ئەوانی بەدەستە. بەڵام بۆ ڕووناکبیرانێك، بۆچی پەیوەستبوون بەشەڕەوە هاوتا دەبێتەوە بە ڕزگاری میللییەوە. مەگەر شکستی سیاسەتی ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری هەر بەهۆی ئەم ئۆپۆزسیۆنەوە نەبووە کە ڕۆژێك پیاوانی سەدام دەپارێزێت و ڕۆژێکی دی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی خۆیان لەبەرانبەر یەکتریدا دەبابەکانی بەعس دێنێتە هەولێر و پەلکێشی لەشکری تورکیادەکات. ئەوا با کۆنە بەعسییەکانی ناو ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش لەولاوەبوەستێت.

بەڵام لە ماوەی تەنها شەو و ڕۆژێکدا دەمی ڕووناکبیری کورد دەتەقێت و بە زمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و کوردی و عەرەبی هاواردەکات کە لەشگری تورکیا دەبێ لە کوردستاندا بچێتەدەر. واتا ئێمە لەشکری ڕزگارکەری ئەمریکامان دەوێت و لەشکری تورکیامان ناوێت. ئەمە بە کورتییەکەی یانی قبوڵکردنی ئەو بەشانەی جەنگ کە دڵخوازی تۆن و لابردنی ئەوەی تر کە تۆ ناتەوێت.

بەڵام ئامادەیی تورکیا لە خاکی کوردستاندا تەنها بەهۆی جەنگی ئەمریکاوە دەتوانێت لەشکرکێشی هەزاران سەربازی ئەنجامبدات. ئەمڕۆ تورکیا بەشێك لە جەنگە و کۆنتراکتی ملیاردەها دۆلاری ئەمریکی لەگەڵ ئەم ولاتەدا، ئەو دەکاتە یەکێك لە نزیکترین دۆستەکانی ئەمریکا لەم جەنگەدا. من گومانم نییە لەوەی کە لە کۆبوونە نهێنییەکانی واشنتۆن و ئەنقەرەدا لەگەڵ سەرکردایەتی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردیدا، شتێکی تر ووترابێت لەوەی کە ئەمڕۆ لە ڕێگای کەناڵە جیهانییەکانەوە دەیبیستین. "هاتنی برا تورکمانەکانمان" بە قسەی تاڵەبانی، شتێکی شاراوە نەبووە. تۆ بڵێی ئەمجارەش کلاوکرابێتە سەریان؟

بەبڕوای من بانگەوازی ڕاوەستانەوە بەرانبەر بە هاتنی لەشکری توورکیا و پرۆتێستنواندن، ئەرکێکی دەستبەجێی هەر ئینسانێکە و بوونی جالییەیەکی گەورەی کوردی لەدەرەوە دەتوانێ کاریگەری خۆی دابنێ. بەڵام هێشتاکە خیتابێك نییە کە بتوانرێ ڕەئی جیهانی و پشتیوانی بەهێزی ئەو هێزە ڕادیکاڵە لە خۆی کۆبکاتەوە کە هەتا ئێستا پشتیوان و لایەنگری کێشەی خەڵکی کوردستان بووە.

لەدەرەوی خەڵکی کورد و شەقامی کوردیدا بزووتنەوەیەکی بەرینی دژی جەنگ ئامادەیی هەیە، بزووتنەوەیەك کە ڕووناکبیری کورد و دەسەڵاتی کوردی هەتا ساتەکانی ئێستاش بە پیاوی ڕژێم و نەفام و بێ عەقڵ ناوزەدیدەکات.

بزووتنەوەیەك کە لەگەڵ هەر کەموکوڕییەك و ناڕۆشنییەکی سیاسیشیدا، توانیویەتی وەك بلۆکێکی سیاسی سێهەم کاریگەری خۆی بەسەر بلۆکە سیاسییە دەرکەوتووەکانی دەسەڵاتی سیاسی ئەمڕۆی دنیادا دابنێت.

ئەمڕۆ لە هەموو کاتێك زیاتر ڕۆشنە ئەو کەسەی لە نیویۆرکدا بە دژی جەنگە، دەزانێت کە نە عێراق یەکسانە بە سەدام و نە ئەمریکاش بریتییە لە جۆرج بۆش. هەڵوێستوەرگرتنیشی هەر بە تەنها هەڵوێستوەرگرتنێکی پاسیفیستی نییە، بەڵکو هەڵوێسوەرگرتنێکە لەبەرانبەر دەسەڵاتێکدا کە دەیەوێ مێژووی نەك هەر ئێستا، بەڵکو مێژووی چەندین دەیەی تری کۆمەڵگای بەشەری دەستنیشانکات. عێراق شوێنی

**تەقاندنەوەی بۆمبەکانە، بەلام پەیامی شەڕ لە خودی سیاسەتی ڕاگەیاندرا و ڕاشکاوی ستراتیژی تازەی ئەمریکیدا دەرکەوتووە و جەنگێکە بەرانبەر ڕەقیبە سیاسییەکانی تری دنیا.**

**تورکیا بەبیٚ ڕەزامەندی ئەمریکا ئاوا بە ئاشکرا مەرامە سیاسییە گلاوەکانی خۆی ڕاناگەیێنیٚت. ئەوە خودی شەڕ و سەهمی هاوکاریکردنی تورکیایە بۆ ئەمریکا کە ئەم پشتئەستوورییە بە تورکیا دەبەخشیٚت. بۆیە ڕاوەستانەوە بەرامبەر بە تورکیا و بەدەستخستنی هاوپشتییەکی گەورەی جیهانی بۆ خەڵکی کوردستان، بەبیٚ ڕاوەستانەوە بەرانبەر بەسیاسەتی جەنگی ئەمرۆ، خەڵکی کورد دەکاتە گاڵتەجاڕیٚکی سیاسی. بیٚنە بەر چاو بچیتە سەر شەقامەکان و بڵیٚی خەڵکی کورد بپاریٚزن، لەشکری تورکیا با لە کوردستان بچیٚتەدەر، بەڵام بۆ شەڕ. ئەمڕۆژانە چارەنووسسازترین ڕۆژگارەکانی تاقیکردنەوەی سیاسی لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا دادەنیٚت. ڕیزی بزووتنەوەی دژی جەنگ لە خۆکۆکردنەوەیەکی گەورەی سیاسیدایە لەبەرانبەر شەڕی دیکتاتۆرەکاندا، چوونە سەر شەقامی خەڵکی کورد و نا وتنیان بە دەسەڵاتی تورکی لە کوردستاندا بەڵیٚ وتنیان بە دەسەڵاتی ئەمریکی، بە گەورەترین مەهزەلەی سیاسی تەواودەبیٚت.**

**بیٚدەنگبوونی ڕووناکبیری کورد لەبەرانبەر ئەو سیناریۆ ڕەشەی کە کوردستان ڕووبەڕووی دەبیٚتەوە، گاڵتەجاڕییەکی "ڕووناکبیرییە"، بەڵام دەنگکردنەوەی بەرانبەر بە هاتنی تورکیا و نەبینینی دەستەشاراوەکانی پشت هاتنی لەشکری تورکیا، تاریکستانیٚکی ڕووناکبیرییە.**

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003